# سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران سەردانی پارێزگای بەغدا کرد



ئەمڕۆ دووشەممە، محەممەد شیاع سودانی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران سەردانی پارێزگای بەغدا کردو پێداچوونەوەی بە ئاستی جێبەجێکردنی پڕۆژەی خزمەتگوزاریەکانی کرد.

نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لەڕاگەیەندراوێکدا کە بۆ ئاژانسی هەواڵی عێراقی ناردووەی ڕاگەیاندووە" سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، محەمەد شیاع سودانی سەردانی پارێزگای بەغداد کردو پێداچوونەوەی بە پلانی کاری پڕۆژە خزمەتگوزارییە جێبەجێکراوەکان کرد، هەروەها سەرپەرشتی ڕەوانەکردنی چوار پڕۆژەی سیتراتیژی ئاوەڕۆ دەکات بۆ کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت لە دەوروبەری بەغداد.